## لە سەروبەندی ئامادەکردن و سازدانی کۆنفرانسی بزووتنەوەی ڕیفراندۆمدا *

# بەشداریکردنی کەسانی سەربەخۆ لە پڕۆژەیەکی حزبیدا, بە مەبەستی چی بوو؟

**سالار سۆفی**

دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ و یەکگرتووی کوردستان, هیوای لەمێژینەی زۆربەی هەرەزۆری گەلی کوردە. چین و توێژە ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕ و چالاکەکانی کۆمەڵی کوردی, هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو خەباتە ڕەوایەدا بوونە و بەردەوام لە شێوازی خەباتی نوێتر و کاریگەرتر گەڕاون بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. بۆ ئەم مەبەستەش بازیان بەسەر هیچ ئەگەرێکدا نەداوە و لە هەر دەرفەتێکدا هەلیان بۆ ڕەخسابێت بۆ نزیکبوونەوە لەو ئامانجە ڕەوایە, درێخییان نەکردووە.

پاش ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە بەهاری ساڵی 1991 دا و وەدەرنانی ڕژێمی بەعسی فاشی لە هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستان و پاشتریش دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بەشێک لە باشووری کوردستان, بەشێک لەم هیوایانەی گەلی کورد هاتنە دی و بوون بە ڕاستییەکی بەرچاو.

ئەم دەسکەوتە ڕاستەقینانە, پێویستییان بە پاراستن و گەشەپێدان هەبوو, بەڵام بەداخەوە, لەجیاتی گەشەپێدان و یەکگرتنی سەرکردایەتی سیاسیی حزبە کوردییەکان و داڕشتنی نەخشە و پلانی داهاتوو بۆ گەیشتن بە گشت ئامانجەکانی گەلی کورد, هەردوو حزبی دەسەڵاتدار ئاگری شەڕێکی درێژخایەنیان خۆشکرد و گەلیان کرد بە سوتەمەنی ئەو ئاگرە و نیشتیمانیش بە ئاگردان.

ڕووخانی ڕژێم لە مانگی چواری ساڵی 2003 دا, دەرفەتێکی مەزنتری بۆ تێکۆشان و خەبات و سەپاندنی مافەکانی گەلی کورد ڕەخساند.

گەلی کورد وای چاوەڕوان دەکرد کە شوێنەواری تەعریب و تەرحیل و تەبعیس, بە یەکجاری بسڕێتەوە و شار و شارۆچکە کوردستانییە بەعەرەبکراوەکانیش بگەڕێنەوە سەر جوگرافیای کوردستان و کێشەیەکی مەزن لەبەردەم ڕزگاربوونی یەکجاری باشووری کوردستاندا نەمێنێت. ئەم گۆڕانکارییە مەزنە, باشترین دەرفەت بوو بۆ دابینکردنی دەسکەوتی بەرچاو و بێوێنە لە مێژووی نوێی گەلی کورددا, بەڵام مخابن. ئاڕاستەی شەپۆلی قێزەونی بەربەرەکانێی حزبیی پ.د.ک و ی.ن.ک لەگەڵ یەکتردا و سازشی بێرادەیان لەگەڵ شۆڤێنییە عرووبەوی و تۆڕانییەکان و دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و کڕنووشبردن و عەشقی یەکلایەنەی کوێرانەیان بۆ ئەمریکا و گرتنەبەری تاکتیکێکی سیاسی خێڵەکیی ئێکسپایەر لە چەرخی 21 دا, بوونە هۆی مایەپووچی گەلی کورد و تەنانەت لەدەستدانی هەندێک لە دەسکەوتەکانی پێشتریشی.

سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە بارودۆخێکی وا ناسکدا, پڕبەپێستی چاوەڕوانی و داواکارییەکانی گەلی کورد بە گشتی وچین و توێژە ڕۆشنبیر و شۆڕشگەڕەکان بە تایبەتی بوو, لەنێویشیاندا خەڵکانی سەربەخۆ.

وابەستەیی ئەم بزووتنەوەیە بە حزبەکانی کوردستانەوە, لای زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان و بەتایبەتیش کەسایەتییە چالاکەکانی ناوەندە ڕۆشنبیری و سیاسییەکان شتێکی شاراوە نەبوو, بەڵام کاریگەری ئەم وابەستەییە لەسەر بزووتنەوەکە, لای زۆربەی ئەو کەسانەی کە تامەزرۆی سەربەخۆیی کوردستان بوون, بە شێوازی جۆراوجۆر و لەسەر بناغەی جۆراوجۆر کەم بووبووەوە.

دیارە بەشێکی بەرفراوان لە ئەندام و لایەنگرانی بزوتنەوەی ڕیفراندۆم, ئەندامانی هەردوو حزب و لایەنگرانیان و هەندێک خەڵکی تر بوون کە پێیان وابوو, ئەگەرچی بزووتنەوەکە دەستکردی حزبەکانە, بەڵام حزبەکان بەڕاستیانە و لە کاتی پێویستدا و ڕێک لە ( کاتی سفر )دا, بە یەکدەنگ و لەگەڵ جەماوەردا, بانگەواز بۆ ڕیفراندۆم دەکەن و بە هاوکاریی ئەمریکا ئەنجامی دەدەن. خۆ ئەگەر ئەوەش نەکرێت و حزبەکان تەنها وەک کارتێکی فشاریش بەکاری بهێنن. ئەوە هەر کارێکی باشە و بەلای بەرژەوەندی گەلی کورددا دەشکێتەوە.

بەشێکی تر لە ئەندامانی بزووتنەوەی ڕیفراندۆم, پێیان وابوو ئەگەر چی ئێستا پ.د.ک. و ی.ن.ک وەک تاکتیکێک و لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندییە حزبییەکانیاندا پشتگیری لە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم دەکەن و ڕێی بۆ خۆش دەکەن, بەڵام لە قۆناغێکی دوواتردا و پاش ئەوەی فشاری زیاتریان بۆ دێت و ڕۆڵی جارانیان لە ناوەندەکانی دەسەڵات لە عێراقدا نامێنێت, بە ناچاری قورساییەکی زیاتر دەخەنە سەر بزوتنەوەی ڕیفراندۆم و پشتگیری تەواوی لێ دەکەن. لەوبەریشەوە ئەمریکا چاکە و پشتیوانی ڕەهای گەلی کوردی (هاوپەیمانی!) لە یاد ناچێت و لە دەرفەتێکدا دەوڵەتی کوردستانیان وەک هێلکەیەکی پاککراو دەخاتە بەر دەست و ئەوەی دەمێنێت پێویستیی دۆزینەوەی ڕێوشوێنێکی یاساییە بۆ ئەو هەنگاوە, بزووتنەوەی ڕیفراندۆمیش, بە هاوکاری پارتی و یەکێتی, ڕێک ئەو ڕێوشوێنە یاساییە پڕبەپێستە دەبێت.

بەشێکی تر لە ئەندامانی ئەم بزووتنەوەیە کە زۆربەیان سەربەخۆ بوون و زۆربەشیان دروشمی سەربەخۆیی کوردستانیان هەڵگرتبوو, ڕوانگەیەکی جیاوازیان هەبوو . ئەمان بەتەواوی درکیان بەوە دەکرد کە هەردوو حزب دەست لە عێراقیبوون هەڵناگرن و تا پەتەکە لەگەڵیدان, بەڵام بەرنامەی تایبەتی خۆیان بۆ بزووتنەوەکە هەبوو و پێیان وا بوو بە هاوکای یەکتر و پشتگیریی خەڵکی تامەزرۆی سەربەخۆیی کوردستان, دەتوانن بەرنامەی خۆیان بەسەر بەرنامەی حزبەکاندا زاڵ بکەن و بزووتنەوەی ڕیفراندۆم لە ژێر ڕکێفی حزبەکان بهێننە دەرەوە و بیکەن بە ڕێکخراوێکی بەڕاستی سەربەخۆ, لە پێناوی سازدانی ڕاپرسییەکی ئازاد و چەسپاندنی مافەکانی گەلی کورد و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. تەنانەت هەندێکیان دەیانویست لە داهاتوودا و بە شێوەیەک لە شێوەکان, ئەو بزووتنەوەیە بکەن بە ڕێکخراوێکی حزبی و بیکەن بە هێزی سێهەم لە پاڵ پارتی و یەکێتیدا.
دیارە لێرە و لەوێ, بیروبۆچوونی جیاوازی تریش هەبووە.
وەک دەرکەوت, حزبەکان نە بەڕاستیان بوو و نە لە هەلێک بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆم دەگەڕان, ئەمەیان هەر لە سەرەتاوە ئاشکرا بوو. هەموو فشارەکانی شۆفێنی و تۆڕانی و ئیسلامییەکان و وڵاتانی داگیرکەری تریش, وایان لە سەرکردایەتی هەردوو حزب نەکرد کە تەنانەت بۆ چرکەیەکیش بیر لەم ئەگەرەیان, ئەگەری سازدانی ڕاپرسی لە کودستاندا بکەنەوە.
هەرچی ئەمریکای هاوپەیمان, یان ڕاستتر (خوای سەراب) ی سەرکردایەتی سیاسی کوردی بوو, نەک هیچ جۆرە پشتگیرییەکی لە بزووتنەوەی ڕیفراندۆم و ئەگەری سەربەخۆیی کوردستان نەکرد, بەڵکو لە چەندین شوین و بۆنەدا هەڵوێستی ڕاستەوخۆی دژەکوردی هەبوو و بگرە هۆکارێکی سەرەکی مایەپووچیی گەلی کوردیش بوو, پاش ڕووخانی ڕژێمی سەددام.
ئەی ئەوانەی بە نیاز بوون بەرنامەی خۆیان و سەرجەم گەلی کورد بەسەر بەرنامە بەرتەسکە حزبییەکەی پارتی و یەکێتیدا زاڵ بکەن و بزووتنەوەی ڕیفراندۆم بکەن بە بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیان لا مەبەست بوو, چیان لێ هات؟!! ئایا هیچ شوێنەوارێکیان ماوە, یان وەک بەفری بەر باران توانەوە؟!

---

* زنجیرە وتارێکی ڕەخنەگرانەیە, لە سەروبەندی ئامادەکردن و سازدانی کۆنفرانسی ( بزووتنەوەی ڕیفراندۆم )دا, بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان و خاڵخستنە سەر پیتەکان و پشتیوانی لە مافی ڕاپرسی بۆ گەلی کورد و لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. 2005/01

rengistan@yahoo.com

---